# ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان
# دەربارەی هەڕەشەکانی حکومەتی تورکیا

لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە لەسەرانسەری عێراق وناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ئاکامی قەیرانی نێوخۆی عێراق و بارگرژی تەواوی ناوچەکەدا، لەئارادایە، و چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا کە دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان، بەتایبەتی دراوسێکانی عێراق، بەو پەڕی هەست بە بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکان بکەن، و ڕۆڵێکی پۆزەتیفانە لە ئاسایکردنەوەی وەزع لە عێراقدا بگێڕن، یان بەلایەنی کەم کارێکی نەگەتیفانەی ئەوتۆ نەکەن کە قەیران وکێشە نێوخۆیەکانی عێراق ئاڵۆزتر بێ، سەرلەنوێ حکومەتی تورکیا کۆمەڵێك کار و رەفتاری سیاسی ئەنجام دەدا کە بەلایەنی کەم دەتوانین بڵێین کارێکی نەیارانەن، و لەبەرژەوەندی تەواوی گەلی عێراقدا نییە.

پێشوازیکردنی حکومەتی تورکیا لە کۆنگرەی بەشێك لەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بەبونی کێشەی تایفەگەری لە عێراقدا، ودواتریش بەستنی کۆنگرەی تایبەت بەمەبەستی ڕێگاگرتن لە جێبەجێکردنی بەندی 140 لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، کە لەلایەن زۆربەی ڕەهای عێراقییەکانەوە دەنگی بۆ دراوە، و کۆسپدانان لەبەردەم چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك و پاشانیش هەڕەشەکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تێکرای ئەم هەڵوێستانە مۆرکێکی نەیارارانە دژ بە گەلی کوردستان وتەواوی کەلی عێراق دەردەخات، و لەهەمان کاتدا دەستێوەردانێکی زەق وناشەرعیە لە کاروباری دەوڵەتێکی دراوسێ، وپێشێلکردنێکی ئاشکرای سەروەری نیشتمانی دەوڵتی عێراقە کە خاوەن سەروەری خۆیەتی وئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکانە.

مەبەستەکانی حکومەتی تورکیا لەم جۆرە هەڵوێستانە، داکوکیکردن لە تایفەیەك یان پێکهاتەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیە لە دۆزینەوەی ڕێکاچارە بۆ کێشە نێوخویەکانی خۆی لە ڕێگای گواستنەوەی ئەو کێشانە بۆ دەرەوەی سنوری خۆی، وبەکارهێنانی کێشەکانی عێراق وەك ئامرازێك لەململانێی نێوخۆی تورکیا، بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبونەوەی هەڵبژاردنەکان و پێشبڕکێ لە سەر دەسەڵات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پەرلەمانی تورکیا لەم ڕۆژانەدا بانگهێشتکراوە کە لە دانیشتنێکی داخراودا گفتگۆ لەسەر وەزعی عێراق بکات، وپێشتریش هەڕەشە بە دەستێوردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق، و لەشکرکێشی وسنوربزاندنکراوە.

ئەم هەڵوێستانەی حکومەتی تورکیا هاوکاتە لەگەڵ قایلنەبونی یەکێتی ئەوروپا بەوەرگرتنی تورکیا بە ئەندام لەو یەکێتییە، بەهۆی سیاسەتە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی تورکیا وهەڵوێستی لە مەسەلەی دیموکراسی وئازادییە سیاسییەکان ومەسەلەی گەلی کوردستان لە تورکیا کە دەکرێ بە شێوەیەکی ئاشتی ودیموکراسیانە چارەسەربکرێ.

ئێمە ئەم هەڵوێستانەی حکومەتی تورکیا بە کارێکی هەڵەدەزانین، و بەپێچەوانەی گیانی هاوکاری ولەیەکتر حاڵیبون و دۆستایەتی نێوان گەلانی تێکرای ناوچەکەیە، و ئاماژەش یۆ ئەوە دەکەین کە ئەم کارانە نەك تەنها لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان وسەرانسەری گەلی عێراقدا نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندی گەلانی تورکیاشدا نییە، لە کاتێدا خەمخۆری بۆ دوارۆژی ئاشتیانە لە ناوچەکەدا وادەخوزای کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەسەر بنەمای دیموکراسی ورێزگرتنی تایبەتمەندییەکان وپاراستنی سەروەری نیشتمانی یەکتر و دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی یەکتر، نێوان تێکرای گەلانی ناوچەکە بەگشتی ونێوان گەلەکەمان وگەلانی تورکیا بە شێوەیەکی تایبەتی، بنیاتبنرێ.

هەولێر – 18/ 1/ 2007